# بیری نیشتمانیو گیانی نەتەوەیی لەشیعری دیالێکتی گۆراندا

د. محەمەد ئەحمەد سەعید / زانکۆی سلێمانی / کۆلیژی زمان

## پێشەکی

دیالێکتی گۆران یەکێکە لەو دیالیکتانەی زمانی کوردی . کە بەهەرمێکی شیعریی زۆری پێ نووسراوەتەوە ، ماوەیەکی زۆریش زمانی رەسمی و ئەدەبی بەشێکی گرنگی ناوچەیەکی کوردستان بووەو لەگەڵ ئەوەشدا لە چاو هەردوو دیالێکتی کرمانجیی خواروو سەروو ئەوەندە لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە .

ئەوەش کەکراوە زیاتر لەسەر شیعر بووە کە تیایان دا چەند تێڕوانینێك هاتۆتە ئاراوە و وەك ئەوەی کە وتراوە شیعری شێوەی گۆرانی لە سەرەتادا بەناوەرۆکی ئاینی دەستی پێکردووە و پاشان بابەتاکانی لیریکی ودڵداری و وەسف، هەرچی ناوەرۆکی بیری نیشتمانی و نەتەوایەتی‌یە لای لێ نەکراوەتەوە و نەبوونەتە کەرەسەی لێکۆڵینەوە .

ئەم تێڕوانینانە وایان کرد کە ئەم ناونیشانە گەڵاڵەبێت و بەسود وەرگرتن لەهەندێ سەرچاوە و چەند دەقێکی شاعیران کە گوزارشت لەو ناوەرۆکە ئەکەن ، بکەینە کەرەسەو ناوەرۆکی ئەم باسە لە دوو توێدا کەلەسەرەتاوە تیشك خراوەتە سەر کورتەیەکی مێژوویی دیالێکتی گۆران و بەشەکانی ، پاشان ناوەرۆك و هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی لەهەندێ دەقی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ، کەلای خانای قوبادی و رەنجوری وەك سەرەتایەکی سەرهەڵدانیبیرو هەڵوێستی نیشتمانی و گیانی نەتەوەیی لەشیعری گۆران دا دەرکەوتوون، دواتر ئاوڕێکی خێرا لەسەدەی نۆزدەم و شاعیرانی دراوەتەوە بەتایبەتی مەولەویو فەقێ قادری هەمەوەند کە قۆناغی کزبوونی دیالێکتی گۆران و سەرهەڵدانیقوتابخانەی شیعری بابان بووە ، چەند نمونەیەکی شیعریی کراونەتە بەڵگە.

لە سەدەی بیستەمیشدا ئەو ناوەرۆکە زۆر بەئاشکرا لای شاعیران ( سەودایی و خەلیل منەوەرو شاعیرە کاکەییەکانی کەرکوك ) دەرکەوتووەتەنها نموونەی شیعریی ئەو دوو شاعیرەمان باس کردووە .لەکۆتایی باسەکەشدا بەچڕی تیشك خراوەتە سەر شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیهەردوو شاعیر کاردۆخی و عوسمان هەورامی کە دوو شاعیری ناوچەی هەورامانن و چەند دەقێکی شیعریان کراونەتە کەرەسەی باسەکە.

وێڕای کەمی سەرچاوە و کەمی نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم باسە هەرچی چۆنێك بێت هەوڵ دراوە کۆمەڵێ دەق بکرێتە بناغەو کەرەسە، کە بەرهەمی شاعیرانی گۆرانن ،باسەکەش لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی و مێژووییە ، ماوەکەشی لە نێوان کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە تا هەموو سەدەیبیستەمە، کوردستانی باشوور سنووری ئەم باسەیە .

# کورتەیەکی مێژووی دیالێکتی گۆران

دیالێکتی گۆران بەهەموو شێوەزارەکانی‌یەوە، یەکێکە لە دیالێکتە سەرەکی‌یەکانی زمانی کوردی ، گەلێ لە رۆژهەڵاتناس و کوردناسان ،بیگانەو خۆمانە ئاماژەیان بۆ کردوە و گرنگی و سەنگینییان دەرخستووە، کۆنترین بۆچوون لەلایەن شەرفخانی بەدلیسی‌یەوە هەم وەکو ئاخاوتن و هەم وەك ناوچەو عەشیرەتە کوردی‌یەکان باسی لێوە کراوە.[١]

دیسان وەکو دیالێکت، یان زمانی قسەکردنی ناوچەیەك تۆفیق وەهبی بەم جۆرەی دەستنیشان کردووە "شێوەی گۆرانی لەخەتی سنە - کرماشان بەرەو غەرب لە هەندێ دێهات لە حدود زۆر نەدووری عێراق و ئێران دا قسەی پێ ئەکرێ ، لە عێراق دا شێوەی هەورامی ، زەنگەنە کاکەیی . گۆرانی‌یە ، لە ناوشێوەکانی کوردیدا لە هەموویان زیاترسروشتی ئاوێستایی پێوە دیارە"[٢]

جەمال نەبەز ئەڵێ ((زاراوەکانی گۆران ئەو زاراوانەن کە لە هەورامان و ناوچەی زەنگەنەو ناوچەی کاکەیی‌یەکان لە کەرکوك قسەی پێ دەکرێ بەزمانی ماچۆ نێوی رۆیوە ، زاراوەی گۆرانی رۆژێ لەرۆژان زمانی رەسمی میرنشینی ئەردەڵان و ماوەیەکیش هی بابان بووە )).[٣]

ماشاو اللە سوری نووسیویێتی (( گۆرانی دیالێکتێکەو لەم بێچوە شێوانە پێکهاتووە ، هەورامی ، لەکی ، کرمانجی ، کوردی کرماشانی" .[٤]

بە پێی هەموو ئەو لێکۆڵینەوەو بۆچوونانەی کە لەبارەی گۆرانەوە کراون و هاتوونەتە ئاراوە کۆبەندیان ئەوەیە کە دیالێکتی گۆران لەم بەشانە پێك هاتووە ( هەورامی و کەنوولەیی‌و گەهوارەیی، باجەلانی و کاکەیی و زەنگەنەو هەروەها زازا. کە لەم شوێن و ناوچانەی کوردستاندا قسەیان پێ ئەکرێ( لە هەردوو دیوی رۆژهەلات و رۆژئاوای ریزە شاخەکانی هەورامان و سەرووی شاری خانەقین و نێوان قەسری شیرین و کرماشان و سەرووی رۆژهەلاتی کرماشان و ناوچەی کاکەیی و زەنگەنە لە دەورو بەری شاری کەرکوك و هەندێ گوندی دەوروبەری شاری موسڵ وناوچەکانی دەرسیم و بین گۆل و خەرپوت و سیوەرەك لە ئەو پەری رۆژئاوای کوردستان )

وەك زانراوە کە شیعری گۆرانی لە سەرەتادا بەبابەتی ئاینی دەستی پێکردووە لە هەموو قۆناغەکاندا وەك بابەتێکی فراوان و سەرەکی دەرکەوتووە چونکە (( شێوەی گۆرانی زمانی رەسمی و مەزهەب و عەقیدە شاراوەکان بوو لەوناوچانەی هۆزەکانی گۆران کردبوویانە مەڵبەندی‌خۆیان )).[٦]

ئەم هەستە ئایینی و مەزهەبیەش وای کردووە ،بۆ پەرە پێدان و گەشەکردنی زۆرێك لەبەرهەمی ئەو شاعیرانەی گۆران بن ، هەر لەبەر ئەوەشە کە (( ژمارەی ئەو شاعیرانەی شیعری ئاینی شێوەی گۆرانیان نووسیوە گەلێ زۆرە ، ئەم شاعیرانە نوێنەری هەموو مەزهەبە موسڵمانەکانن بەتایبەتی شیعی و سوننی ))[٧]

سەرەتاکەش بۆ نیوەی دووەمی سەدەی چواردەهەمی زاینی ئەگەرێتەوە د.خەزنەدار نووسیوێتی(( تێکستی شێوەی گۆران کۆنترین تێکستە لەئەدەبی کوردیدا، یاخود بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی بەشیعری شێوەی گۆران دەستی پێکردووە ، ئەگەر چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی ٩٣٥-١٠١٠ز بخەینە ئەولاوە کە بەشێوەیەکی کوردی ئێرانی تێکەلاو یان بەشێوەی لوری نووسراوەتەوە ))[٨]

وێرای ئەو بۆچوون و نووسینانەش رای تر هاتوونەتە ئاراوە کەوا سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری کوردی بەدیالێکتی‌گۆرانی بێجگە لەوەش بەبابەتی ئاینی دەستی پێکردوە ،بەلام سەرووی ئەو قۆناغ و سەردەمە دەستنیشانکراوەیە کە د.مارف باسی کردووە .ئەوەش بۆ سەدەکانی دووەم و سێیەمی کۆچی و نۆیەم و دەیەمی زاینی ئەگەرێتەوە . وەك تێکستە شیعرییە ئاینیی‌یەکانی ئاینی یارسان [٩]

وەکو ئاشکرایە کە گۆرانەکان ، هەر لەکۆنەوە لەژێر فەرمانرەوایی ئەردەڵانی‌دا ژیاون و پاشان بەشێکیان کەوتنە ژێر فەرمانرەوایی میرنشینی بابانەوە ، دوا بەدوای رووخاندنی هەردوو میرنشینەکە

کەوتەژێر دوو دەسەڵاتی جیاوازی وەك فارسی و عوسمانییەوە ، ئەم ناوچەیەش وەك بەشێکی گرنگی کوردستان لەگەڵ بارودۆخی ئارامی و نائارامیدا قۆناغ بەقۆناغ رۆیشتووە، کەبەشێکی زۆری ئەو ماوەیە، تێیدا ململانێی نێوان میرنشینە کوردییەکان ، ئەردەڵانی وبابانی لەلایەك و هەردوو دەسەڵاتی فارسی و عوسمانی لەلایەکی تر بوو بووە دیاردەیەکی ئەو سەردەمانە کە بووە مایەی سەرهەڵدانی تەنگژەو نائارامی ناوچەی کوردەواری و دواخستن و پاشخستنی لە هەموو بوارەکانی ژیان دا، بەتایبەتی لەوڵاتی بابان دا .

وێرای ئەوەش زۆرێك لە میرەکانی هەوڵیان داوە کە بیرو باوەری نیشتمانی و هێمای نەتەوەیی بکەنە دروشمی حوکمرانی و دەسەڵاتی خۆیان ، هەر ئەوەش بووەتە مایەی نیگەرانی عوسمانییەکان ، ئاکام شەری کوردستان چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بۆ کورد مایەوە .

ناوچەی گۆرانیش وەك بەشێکی کوردستان بەرئەو رووداو کارەساتە مەینەتبارانە کەوت ،هەموو ئەو دۆخە ئاڵۆزو مەرگەساتانە لای دانیشتوانەکەی و بەتایبەتی رۆشنبیران و شاعیران . رەنگ و نەخشی خۆی بەجێ هێشت . لەبەشێکی شیعرەکانیان دا رەنگی دایەوە . هێماو هەڵوێست و گیانێکی نیشتمانی و نەتەوەییان بەبەراکرد ، کەوای کرد لە قۆناغێکی دواتردا بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزو بارە ناهەموارەی کوردستان و ململانێی داگیر کەرانەوە ،ناوچەی گۆران و هەندێك لە شاعیران کەوتنە سەنگەری بەرگری و خەبات و قوربانی دانەوە ، چونکە وەك دەرکەوت (( گۆرانەکان وەك هەموو دانیشتوانی تری کوردستان لەژێر زەبرو زەنگی چەوسانەوەی نەتەوایەتیدان . بەڵام هەر هەر سوورن لەسەر کوردایەتی خۆیان و لەو مەیدانەشدا قوربانی دەدەن ))(١٠)

بێ گومان ئەم هەڵوێستەی ناوچەی گۆران و دانیشتوانەکەی نەك هەر لای خەڵکەکەی بوویێت ، بەڵکو شاعیرەکانیش بەر ئەو کاریگەرییە کەوتوون و هەڵوێستی بەرچاویان بووەو لەدەقە شیعرییەکان دا دەرکەوتووە .

## کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەدەی نۆزدەهەم

راستی ئەگەر بە دەقە شیعرییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم و تەنانەت پێش ئەو ماوەیەش "سەدەی هەژدەهەم" دا بچینەوە ، ئەوا چەندین دەقی شیعری ، یان چەندین شاعیرمان هەیە ، کەهەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی یان تێدا بەدی ئەکەین ، کە بۆ ئەو سەردەم و قۆناغە هەوڵ و تەقەللایەکی فرە گرنگ و لەبەرچاوە ، بەوەش ناوەرۆکێکی نوێتریان خستە سەر بابەتەکانی تری شیعر .

ئەوەی کە لەشیعری دیالێکتی گۆران دا بەدیی ئەکرێ و هێما و هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی شاعیرانی دەرخستووە ئەوەیە ، کە هەر لەسەرەتاوە شیعر وتن بەزمانی کوردیو شێوەی گۆرانی خۆی لەخۆیدا هەڵوێست و گیانێکی نیشتمان خوازانەیە ، واتە شیعر وتن یا دانانی شیعر بەزمانی رەسەن و دایك و خۆ لە قەرەنەدانی زمانی بێگانە نیشانەو خەسڵەتێکی تری ئەو شاعیرانە بووە . هەروەها پابەند بوونیان بەزمانی دایکەوە ، یان بەکوردی شیعر وتن واتا توانیویانە ئەو دەربرینانە بخەنە قاڵبی شیعرییەوە . بیکەنە کلتورێکی رەسەنی کوردەواری . کە زووترو زیاتر لای شاعیرانی دیالێکتی گۆران دەرکەوتووە ، وەك چۆن دانای هەورامی ئەفەرمێ (( شاعیرانی ئەم ناوچەیە قەد بەزمانیداگیر کەرانی کوردستان شیعریان نەنووسیوە )).(١١)

ئەکرێ لەسەر ئەم خاڵە بوەستین و بڵێین نەك هەر شاعیرانی هەورامان شیعریان بەزمانی دگیرکەرانی کوردستان نەنووسیوە ، بەڵکو شاعیرانی دەرەوەی ئەو دەڤەرەش لە ناوچەکانی تری کوردستان هتد. بەشێکی زۆریان هەتا سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمیش لەسەر ئەو ریچکەیە رۆیشتوون و تەنانەت هەڵوێستە نیشتمانی‌یەکەشیان قوول و فراوانتر بووە . وەك رەنجوری و فەقێ قادری هەمەوەند و بەشێکی زۆری شاعیرە کاکەیی یەکانی دەوروبەری کەرکوك . واتە شاعیرانی دیالێکتی گۆران لە هەموو ناوچە جیاجیاکان دا شیعریان بەکوردی نووسیوە ، هەڵوێست و گیانی نیشتمانپەروەرانەیان بەڕوونی دەرخستووە .هەر بەکوردی نووسینەکە ، یان شیعر دانان بەزمانی کوردی وەك .چۆن **خانای قوبادی ١٧٠٠-١٧٩٥**ز راشکاوانە ئاماژەی بۆ کردووە .کە مەبەستی گۆڕینی شیرین و خەسرەوەکەی نیزامی گەنجەوی چ مەبەست و نیازێکی لە پشتەوە بووە، کە ئەویش مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییە کە بووە ، پیشان دانی ئەم رازەی شیرین و خوسرەو بۆ تەواوی زاناو رۆشنبیران و خاوەن بیری خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکات ولێی تێ بگەن ، بێگومان ئەمەش بەتەنگەوە هاتنی بۆ نیشتمان و هەم نەتەوەکەی بووە.

جەلای عاقلان صاحێب عەقڵ و دین — دانا بزورگان کوردستان زەمین
راستەن مواچان فارسی شەکەرەن — کوردی جە فارسی بەڵ شیرین تەرەن
پەی چێش؟ ئەدەوران دنیای بەدکێش — مە حظوظە ن هەرکەس بەزوبان وێش
مەعلومەن هەرکەس بەهەر زوبانێ — بواچۆ نە ظمی جەهەر مەکانێ (١٢)

خانای قوبادی لێرەدا بیری و هەڵوێستێکی نیشتمانی و نەتەوە پەروەرانە پاڵی پێوە ناوە . کەوای کردووە بیگۆڕێتە کوردی و رواڵەتێکی کوردانەی پێ ببەخشێ و تەواوی خەڵکی کوردستان چێژی لێ وەربگرن ، ئەم ئەرك و کارەش لەهەست و خرۆشێکی پاکی نیشتمانی و نەتەوە پەروەرانەوە هەڵقوڵاوە ئەو شانازی کردنەی بەکوردو نیشتمانەکەیەوە راشکاوانە دەربڕیوە .

خانا ئەڵێ راستە فارسی شەکەرە بەڵام کوردی شیرین ترە . لەم دونیای چەپ گەردەدا کورد ماوەی بۆ نەڕەخساوە کە زمانی خۆی بەکار بهێنێ ، کە لەراستی‌دا هەموو کەس ئەتوانی بەو زمانەی خۆی کە خوا پێی بەخشیوە بنووسێ و بەکاری بهێنێ ئەوەتانێ نیزامی چۆن ئەم رازەی هۆنیوەتەوە منیش ئاوهاو هەروەها بەزمانی کوردیش تاوەکو هەموو کوردستان لێی بەهرەمەند بن . کەواتە هۆی دانانەکەی بۆ خەڵکی کوردستان بووە . بێگومان ئەمەش خۆی لەخۆی‌دا شانازی کردن و پێوە نازینە بە کوردستان و زمانی نەتەوەکەیەوە ..

جەلای خیرەدمەند دڵ پەسەند مبۆ — شیرین تەرجە شەهد شیرەی قەند مبۆ
جەعەرەصەی دنیای دوون بەد فەڕ جام — نەدەستور نەظم نیظامی مەقام
بەلەفظ کوردی کوردستان تەمام — پێش بووان مە حظوظ باقی والسلام (١٣)

لای رەنجوری شاعیری کەرکوکی ١٧٥٠-١٨٠٩ زا ، بیرە نیشتمانییەکە بەجۆرێکی ئەوتۆ رەنگ و نەخشی هەیە بەجۆرێك باسی لە دەسەڵات و حوکمڕانی کوردستان و میرنشینی بابان ئەکات و خۆشەویستی‌یەکەی لەخودی خاك و سەرکردەکەی ( عبالرحمن پاشای بابان ) دا ، خۆی نواندووە کە لەچامەیەکی شیعریی‌دا بای شەماڵی راسپاردووە بچێتە خزمەت عبدالرحمن پاشا ئەو کاتەی کە بەدەستی عوسمانی‌یەکان لە شاری حیللە بەندو ئەسیر بووە . لەم چامەیەدا تەواو هەست و سۆزێکی خۆشەویستی بێسنووری هەم بۆ عبدالرحمن پاشاو هەم بۆ کوردستان دەربڕیوە :

دەور بدەر ئەمولك بابل بێ ئەندێش — بشۆ وەجایی حیللە ماچان پێش
شەهزادێ جەنەسڵ بەگزادەی بابان — جەنەوەی ئوجاخ مالیك ریقابان
والی ویلایەت گشت کوردستانەن — ئیسم شەریفش عبدالرحمانەن (١٤)

لێرەدا وشەی کوردستان وەك حوکمڕانی‌و دەسەڵاتێك ناوی هاتووە . بەویلایەت ناوی بردووە .کە وێنەیەکی واقیعی کوردەواری ئەو قۆناغەیە کە کوردستان دەسەڵاتێکی کوردی تێدا سەقامگیر بووە سەرکردەیەکی نیشتمانپەروەر بەڕێوەی بردووە ، ئەمە هەم هەستێکی نیشتمانی‌یە بەرامبەر کوردستان هەم بەرامبەر دەسەڵاتی کوردی‌و سەرکردەکەی .

گەر تەواوی چامەکە لێك بدەینەوە دەرئەکەوێ پڕە لە دەربڕینی گیانی نیشتمانی . سۆز و ئەوینێکی راستەقینەی رەنجوریمان بۆ دەرئەکەوێ کە بیرەکەشی هیچی لەبیری دوو چامەکەی نالی‌و سالم کەمتر نییە . رەنجوری ئەفەرموێ

شەماڵ شنیار شەماڵ شنیار — شەماڵ شەوگەرد شەمیم شنیار (١٥)

نالیش ١٨٠٠-١٨٥٦ ز ئەفەرمێ

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بـادی خۆش مرور

ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور( ١٦)

ئەم دوو چامەیە، ئەوەی رەنجوری وئەوەی نالی چ لەباری ناوەرۆك و چ لە شێوەی ناردنـەوە تـا رادەیـەك لەیـەك ئـەچن ، بەڵام ئەوە هەیە کە نالی چامەکانی لە دووره وڵاتەوە بۆ نیشتمانی نووسیوە . ئەوەی رەنجـوری لـە نیشتمانەوە بۆ شوێنێ کە شوێنی غوربەت و دیلێتی عەبدولرەحمان پاشایە نێردراوە. واتە ئاراستەکان پێچەوانەن .

نالی وەسفی شاری سلێمانی و دەور و بەری کردووە . بەڵام رەنجوری لە وەسف و ستایشی خـودی عبدالرحمن پاشای بابـان و کوردستان و بابانەکان ئەدوێ . چامەکەی رەنجوری بەشێکی لێ فرتاوە و فەوتـاوە ئەگەر هەمووی بوایە ئەوا گەلێ ڕاز و نهێنی و بیری تری تیادا دەرئەکەوت .

هەر سەبارەت بە هەڵوێستی نیشتمانی و ئەو گیانە نیشتمانییەی رەنجوری کە پیشاندانی هەست و سۆزێکی خۆشەویستییە بەرامبەر بە خاك ، خاکی نیشتمان ، لـەو چامەیـەی کـە بـۆ قـەوماوو کارەسـاتی تاعونـە مەینـەت بارەکـەی کـەرکوکی سـاڵی ١٢١٤ی کۆچی نوسیوویەتی کە تیایدا خۆشەویستی بەرامبەر بەو شارە و خەڵکەکەی دەربڕیوە ، سـەرەتای چامـەکـە بـە پاڕانـەوە و نزا لە یەزدان دەس پی ئەکا و پاشان وەسفی شارەکە ، لە وەسفەکەیدا کەرکوکی هاوشانی شار و ناوچەکانی تری جیهان کردووە . وەك ئێران و توران و شام و شیراز ..تاد ، لە دڵ کرانەوە و کەش و هەواکەیدا :

ئێران تا توران شام تاوە شیراز هیچ شەهرێ نەبی بەی طە رزە دڵواز[١٧]

لە بەخشینی ناز و نیعمەت و شادیدا ، بۆ پەناگەی هەژاران و کەم دەرامەتان هاوتای نەبووە :

پەنـا پـەی فەقیـر جای بێ چاران بی نیعمەتش پەی خەڵك وێنەی باران بی

پڕ نـازو نیعـمەت زەوقش تـەمام بی شیریـنی شاران جە ئـەوسەر سـام بی

گفت و گۆی شاران ئەرصەد وەیاد بی هەوای فەرەح بەخش کەرکوك زیاد بێ[١٨]

وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێ دا لەباری وەسفەوە بەشێکی لە چامەکەی نالی ئەکات و دیسان کۆتاییەکەی نزاو پاڕانەوەیە تیایدا مێژووی ڕوودانی کارەساتەکەو بڵاوبوونـەوەی نەخۆشییەکەی تۆمـار کـردووە .چامەکـەش لـەنێوان ل٧٤-٧٨ ی دیوانەکەیدایە ..

## سەدەی نۆزدەهەم

قۆناغی ئەو دەمەی کوردستان وەك باقی سەدەکانی پێشووی ، سەختو پڕ ململانێ و ناکۆکی بووە ، لەنێوان کۆمەڵگای کوردەواری و هەردوو دەسەڵاتی ئێرانی و عوسمانی دا ، نیوەی دووەمی ئـەم سـەدەیە ململانێیەکە گەیشتەڕادەیەکی ئـەوتۆ کـەزۆر سەخت و پڕ کارەساتی جەرگ بڕ بـوو کـە بـە نەهامەتی بەسـەر دەسـەڵاتە کوردییەکاندا شکایەوە ،ئەوەبوو دەسەڵاتی میرنشینی بۆتان لـە سـاڵی ١٨٤٧کۆتـایی هـات و پاشان لەسـاڵی ١٨٥١ میرنشینی بابان بە دەسەتی عوسمانییەکان ڕووخا ، ئێرانییەکانیش لە ساڵی ١٨٥١ بە دواوە کەوتنە شەڕی ئەردەڵانییەکان تـا لـە سـاڵی ١٨٦٧دا لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجاردا دەستیان بەسەر ئەردەڵاندا گرتووە ( ١٩)

ئەم دۆخە وای کرد کە ناوچەی گۆران بکەوێتە ژێر دەستی دوو دەسەڵاتی جیاوازەوە ، بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لـە ژێر دەسەڵاتی ئێرانی قاجاری و بەشەکەی تری بابان کەوتەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەوە.

لە ناوچەی ئەردەڵان دا ئەگەر چی دەسەڵاتی سیاسی کوردی نەمابوو بەڵام لە ڕووی ئەدەبییەوە دیالێکتی گۆران و ئەدەبەکەی بەردەوامی خۆی هەبوو هاوشان لەگەڵ گەشەوە بەردەوامی قوتابخانەی شیعری بابان مابووەوە ..لەو دەمە بەدواوە قوتابخانەی شیعری بابان بوو بە باو و کاریگەریی ڕۆشنبیریی عەرەبی ئیسلامی و تەنانەت تورکی عوسمانیشی کەوتە سەر .

لەم بەرەو پێش چوونەی قوتابخانەی شیعری بابان ــ کرمانجی خوارو-داو ئەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی کە دەوڵەتی عوسمانی بەسەر کورد دا سە پاندبووی. چەوسانەوەی نەتەوایەتی و داگیرکردنی نیشتمان، کەچی ئەبینین ئەو ڕووداوانە و داگیرکردن و چەوسانەوەیە بوونە مۆتیڤی بەشێکی شیعری شاعیران بەتایبەتی لەناوچەی بابان، کەچی ئەو بەشەی گۆرانی ژێر دەسەلاتی ئێرانی ئەدەبیاتی گۆران بەرەو کزی ڕۆیشتووە دەقی شیعریی کەمتر دەرکەوتوون.

بەڕاستی هەرشاعیرانی سنووری بابان کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دابوون بەشێکی زۆریان لەسەر شیعر وتن بە دیالێکتی گۆران بەردەوام بوون ، بەتایبەتی بەشە هەورامییەکەی .

لای ئەم دەستە شاعیرە کۆمەڵێ دەقی شیعریی سەریان هەڵداوە و هاتوونەتە ئاراوەو ، بە ناوەرۆکی جیاجیای وەك وەسف و لیریکی و دڵداری و کۆمەڵایەتیّ و هەروەها بابەتی نیشتمانییش - کە مەبەست و ناوەرۆکی ئەم باسەمانە - کە گیانی نیشتمانپەروەری و نەتەوە پەروەریيان تێدا باڵابووە .بەڵگەشمان ئەگەر لە مەولەویەوە بیگرین و بەدەقە شیعرییەکانیدا بچینەوە ، ئەوا بڕێکی زۆریان ئەبینین بۆن و بەرامەی خۆشەویستیو سۆزی نیشتمانییان پێوە دیارە، کوردستان ، کوێستان و گەرمیانەکەی، سروشت و ژینگەکەی بوونەتە مۆتیڤی چەندین دەقی شیعریی مەولەوی .

ئاشکرایە کە بەقوڵی تەماشاکردن و ڕوانینی نیشتمان لای شاعیر کاریکی ،یان هەڵوێستێکی نیشتیمانپەروەرانەی شاعیرە. گیانێکی نەمرانەیە، ئەو گیانەش لای مەولەوی بووەتە هێمایەك و لەبەشێکی شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەك هەموو ئەو دەقانەی تایبەتن بە وەسف و ستایشی کوردستان و وەرزەکانی ساڵ . کەتیایاندا بەئاشکرا خۆشەویستیی نیشتیمانیان پێوە دیارە . ئەمانەو چەندین دەقی تری وەڵامن بۆ ئەو بۆ چوونەی کە ئەڵێ (( کەچی لەگەڵ ئەمانەشدا سەرجەمی شیعری مەولەوی یادێك لە میرنیشینی باباندا یادێك لە ڕووناکبیران و شاعیرانی پێتەختی بابان ناکات ، کە لەو ڕۆژگارەدا درەوشاوەترین فەرهەنگی کوردستان بووە ))( ٢٠ ).

گومانی تێدانییە کەبیری نیشتیمانی و نەتەوەیی لای مەولەوی وەك لە پێشەوە ئاماژەی پێدراوەو لە چەندین دەقی شیعری دا بەرچاو ئەکەوێت، چونکە نیشتمان لای ئەو وەك شوێنەزا، وەك هەموو ئەو دیمەن و تابلۆیانە کەجوانترین وێنەو هەڵوێستی لەناخی دا ئەفراندووە. بوونەتە دەقی شیعری بەرچاو.

ئەوەتانی لەم درودوو سڵاوو ستایشەی دا، کوردستان بووەتە مۆتیڤ و ئەفراندنی سۆزێکی بێوێنەو یەکجار بەرز و تێکەڵ بە ئەتمۆسفێرێکی ئایدیالیانەی خەست و چڕ کە لەیەزدان دەخوازێت لەو تیشکە پرتەوە ڕووناکییەی خۆی ( خودا ) خوار و ژووری کوردستان پڕکات لە ڕووناکی ڕووناکییەکەی بە کوردستاندا پەخش و بڵاو بکاتەوە تالەنەزانی و نەخوێندەواری بەئاسانی ڕزگارو سەرئەفراز بێت :

| | |
|---|---|
| ١- هەورەکەی ڕەحمەت ڕووی سەما کەرەم | سەڵات و سەلام کەی کەم؟ ئێسەکەم |
| ٢-بـێریّ و بـڕێژیّ بـدا وەهـەم دا | وەســـــەر مەزرەعەی ڕۆحی‌خاتەمدا |
| ٣- سەرواز کـاسـەراو وەهـەر شـەتـاودا | وەسەر سەوزەی پاك ئال و ئەسحاودا |
| ٤- تابدا پرتەو وەســـــەر و جـود دا | ئیمان لـەئەسرار ئــەهلی شهود دا |
| ٥- جەو مەزرەعەی نورجۆشدا سەرەوژوور | کـوردستان پـڕکـا جە تۆفان نوور |
| ٦- بەو نوورەی ئۆمیش کەردەن و ئەعلەم | کتێبخانەی چـەند میللەت دا وەهەم |

٧- بـویەرۆ بـەرقش جـەکۆی کوردستان رزگار بین جەدەس نـادان وەئاسان [٢١]

لەم شیعرەی مەولـەوی دا دێڕەکـانی ٤،٣،٢،١ ی لـە دیوانـی ( اصل روح ) ەکـەی پـیرەمێرد و دیباچەکـەی (عقیـدەی مرضیـە)ی خودی مەولەوی دا هەیە ، مامۆستا باباعەلی قەرەداغی لێکیداوەتەوە [٢٢].

مەولەوی ئەم عەقیدەیەی بەشێوەی تـاوەگۆزی تێکەڵ بەهەورامی نووسیوەو سێ دێڕی تـری خراوەتـە پاڵ ئـەو سێ دێڕەی دوایی لەهیچ کام بەرهەمـەکانی وەك عەقیدەکـەی و دیوانەکـەی( * ) دا نین ، لەگـەڵ ئەوەشدا گرنگ ئەوەیە کەئـەم دەقـە شیعرییە ستایشەی مەولـەوی شێواز و ناوەرۆکێکی ئاینی لەخۆ گرتووە، تێکەڵ بە بیر و هەڵوێستێکی نیشتمانییە.

بێجگە لەم دەقە چەندین دەقی تری هەیە کـە تایبـەتن بەوەسـف و ستایشـی سروشـتی نیشـتمانەکەی کوردسـتان چونکـە (( هەرچی نەخشەی سروشتە لەهۆنراوەی مەولەوی‌دا ئەوا تەواو کوردستانییە )) ( ٢٣ ).

هەرکام لەو وەسفە سروشتیانەی مەولەوی بگرین باسی سروشتی کوردستانە ، بێگومان ئەم باسانەیش بەشیعر هـاتوون نموونـەی بوونی گیان و بیری نیشتمانین کە لەشیعری گۆرانی‌دا هەن . چونکە لەسەرتـا پای هۆنراوە سروشتی‌یەکانیدا ، دیمەنی تـایبـەتی و نـاوی جێگـەو چیـاو رووبـاری‌و گۆلـی بـەهۆنراوە بـۆ مێـژوو بـەیادگار هێشتووەتەوە ( ٢٤ ) لـە شیعرەکانیدا شوێن و ئیلاخ و سەیرانگای نـاوچەکوردەوارییەکانی وەك شارەزور و سیروان و خانەگا و پاوە و قەزاڵە و تـانجـەرۆ و.. تـاد. بوونەتـە کەرەسـەی شیعری، ئەوەتـانێ لەشیعرێکیدا کە بەهۆی کۆچ و کۆچکردنی جافەکانەوە بۆ کوێستان ئەڵێت :

گیج مـەدا سەبـوون شارەزوور دڵ سیـروان هـونـاو دەرونش کوڵ کوڵ

واژاوش مەویەرد نەدەماخ دەم دەم تاق مەوەست سەراو چەرخ زەڵم چەم [٢٥]

یان لەشیعرێکی تریدا کە بۆ دۆستێکی نووسیوە لە پاوە . کە ناوی مەلا خەیاڵ بووە:

سەربەر کەرنەسەر کۆی ئاتە شگاوە بـدیەوە مەسکـەن خانەگاو پاوە

زار زارو خـاس خـاس وەزار بنالـە جاگیرنەسەر ئەوج قولەی قەزاڵە [٢٦]

دیسان لەشیعرێکی تریدا کە بۆ شیخ عەبدولای داخی نووسیوێتی و قسەی لەگەڵ ئەکاو ئەڵێ:

تانجەرۆی ئەی چەم سیروانی ئەو چەم جۆشاوێ وەهەم ئەی چەم تا ئەو چەم [٢٧]

کەواتە هەموو دیمەن و تابلۆ رەنگینەکانی کوردستان ، کە نیشتمانی مەولەوی‌یە لەبەشێکی شیعرەکانیدا حزوریان هەیە ، هەموویان دیمەنی راستەقینەو واقعین . وەك ئـەو نموونانـەی کـەهاتوون و چـەندین نموونـەی شیعریی کاریگـەری تـەواویان کردووەتە سەر مێشك و دڵ و دەروونـی خوێنـەری شیعرەکانی ، چونکـە نمونـەی بـیرو گیـانێکی نیشتمانپەروەرانەی مەولـەوین ،ئەوەتـا پیرەمێردی شاعیری هێناوەتە جوڵەو لەبارەیەوە ئەڵێ (( ئۆخ بۆیە مەولەویم خۆش ئەوێ شیفتەو شەیدای سۆزو نالـەی ئەوم کە پەردە پەردە شوێنە شیرینەکانی خاکەکەم نیشتمانەکەمی بە فەردی فەردەوە ، بەفەڕو زیبێکی دڵ نەوەردەوە پێ نیشان داوم و بەسینەما خۆشەویستی ئەوانی‌چەسپاندووەتە سینەمەوە )) ( ٢٨ )

لەگۆشەیەکی تری نیشتمانی بابانەوە لە ناوچەکانی چەمچەماڵ و کەرکوك وەك بـاقی نـاوچەکانی تری حوکمڕانی بابـانی ، دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە هەر بەئاقاری ململانێی عوسمانیەکاندا ڕۆیشتووە، داگیر کردنی نیشتمان و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی باڵی بەسەر ئەو رۆژگارەدا کێشـابوو ، ئـەم بـارە ئـاڵۆزەیش کاریگـەریی بـۆ سـەر دانیشتوانی ناوچەکـە هـەبوو ، بەتـایبەتی خەڵکە بەئاگاو هۆشیارەکانی ، کەبەدەستی عوسمانی‌یەکانەوە ئەیانناڵان و هەمیشە ئەچەوسێنرانەوە لەسنووری ناوچەی چەمچەماڵدا فەقێ قادری هەمەوەند ١٨٣١ — ١٨٩٠ز بەشێکی ژیانی ئەو واقیعـەی دەوروبـەری لـە شیعرەکانیدا رەنـگ داوەتـەوە ، فـەقێ قـادر لـە سـەرەتادا ئـەرك و بەرپرسیارێتی ئیداری عوسمـانی لەسـەر بـووە و تێکـەڵ بوونـی بـەحوکمڕانی ناوچەکەو پاشان هەڵگەڕانەوەی هۆزەکەی و پاڵ دانی بە بابانـەوە ، وای کـرد عوسمانییـەکان لـەدژی فـەقێ قـادرو هۆزەکـەی هەڵوێست وەربگرن و سیاسەتی خۆیان دژ بەهەمەوەندەکان پیادە بکەن ، کەئاکامی بەند و بەخسیر کردنی فـەقێ قـادرو توند

کردنی لە زیندانەکانی کەرکوك و بەغدای ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لێکەوتەوە ، ئەم بارو دۆخەش نەخش و کاریگەریی لەسەر هەڵوێست وبیری فەقێدا ڕشت ، کە خۆی لە روو بەرووبوونەوەی عوسمانیەکاندا بینییەوە. لە شیعرەکانی دا بە ئاشکراو ڕاشکاوانە هەڵوێستی دژایەتی کردنی عوسمانییەکانی دەربڕیوە . هەموو ئەو دەربڕین و دەقە شیعرییانە سەرا پایان ئەچنەخانەی هەست کردن بە کێشە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکانی نیشتمانەوە .کێشە نەتەوایەتی و نیشتمانی‌یەکانی ئەو سەردەمە .

هەر بۆیە ئەبینین کە بەشێکی ئەو بابەتە شیعرییانەی فەقێ قادر لە پاڵ رازە ئاینی و سۆفی‌یەکانی‌دا کۆمەڵێ ئاماژەی روون و بەرچاو هەن کە پڕن لە دەربڕینی بیری نەتەوایەتی و نیشتمانی و هەروەها رووبەروو بوونەوەی داگیرکەری عوسمانی ، کە لە خانەو چوارچێوەی گیانی نیشتمان پەروەرانەی شاعیردا دا ئەنرێن.

بێگومان کە هەر شاعیرێ یان نووسەرێ پێش بلاو بوونەوەی هەست و بیری نیشتمانی و نەتەوەیی بە زمانی زگماکی خۆی نووسیبێتی یان وتبێتی ئەوە هەڵوێستێکی جوامێرانەی شاعیرە یان نووسەرە بەرامبەر نەتەوەکەی نواندوویێتی ، یان ئەو ئارەزوو بەکوردی نووسینەی ،خۆی لەخۆیدا هێمای ئەو بیرو هەست و گیانە نیشتمانی و نەتەوەییەیە.

فەقێش وەك هەموو شاعیرانی پێش خۆی ئەچێتە خانەی ئەو شاعیرە نەتەوە پەروەرو نیشتمانپەروەرانەوە . بۆ ئەوەش نموونەو بەڵگەی راستی دەقە شیعرییەکانێتی.

ئەوەتانێ لە (( پند الحکما ))دا هەم بنەچەی خۆی دەستنیشان کردووە هەم هۆی گۆڕینی ئەو بابەتەی روون کردووەتەوە :

چــون فـارسی بــی پــەند حــەکیمـان　　　بــە لــەفـظ کــوردی کــەردم تــەرجومان
سا چون من ئەصڵم صنف ئەکرادەن　　　هەر کەس بە ئەمثاڵ وێش خاطر شادەن (٢٩)

لەم بارەیەوە گەڵێ نموونەی شیعریی هەیە کە زیاتر کوردیەکەی مەبەست بووە لە میعراج نامەکەیدا ئەڵێ:

کێشانم تەصدیع پەرێ هام فەردان　　　کەردم تەرجەمە بە لەفظ گۆران (٣٠)

بێ گومان ئەم هۆو پاساو هینانەوەیش کت ومت لەوەی خانای قوبادی ئەچێ ، هەردوو فەرمایشتەکە لە ریزو خانەی بیرو هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوە پەروەرانە دائەنرێت.

فەقێ قادریش وەك خانای قوبادیو رەنجوری و مەولەوی کوردستانی کردووەتە مۆتیڤ و کەرەسەی شیعریی و هاوشان لەگەڵ ولاتانی تردا ناوی هێناوە . لە کاریگەری و جوانی سروشت و سروشتی کوردسەتان دواوە، لە چامەی (شەڕی زمستان) دا کوردستان و شارەکانی وەك بایەزید و ئاکرێ چیاکانی ئاکۆ و قەندیل گودروون و هەورامان . . .تاد. کە ئەمانە شوێن و سروشتی کوردستانن و هاتوونەتە ناو شیعرەکانی‌یەوە:

چون بێ خەبەر دار خیزا زمستان　　　هــەرەسـەك و بـولـغار قـەرم و کــوردسـتـان
قارس و بـایـەزید بەند ئـەنا دۆڵ　　　مەحکەم کەرد سەنگەر بە ثـەلج و سەهۆڵ (٣١)

## شاعیرانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەم.

کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە کوردستاندا بەتایبەتی باشووری کوردستان ، عوسمانییەکان دەسەڵاتیان بەرەو کزی رۆیشتووە ، ناوە ناوەش هەوڵیان داوە کە سەرنج سۆزی کوردەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن ، بە تایبەتی لە ناو چین و توێژە ئاینی و ناودارەکانی کوردسەتان دا. بەڵام دوای ئەوەی جاری مەشروتیەت دراو دەستوری عوسمانی ساڵی ١٩٠٨ بلاو کرایەوە و سوڵتان عبدالحمید لەسەر تەخت لابرا ، ئیتر ئاژاوە کەوتە ناو دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە ، بەتایبەتی لەناوچەی کوردستاندا ئەو دەمە بنەماڵەی شێخانی بەرزنجە لە ناویاندا شێخ سەعید وشێخ ئەحمەد و شێخ محمودی حەفید کەسێتی ناوداری سەردەمی خۆیان بوون عوسمانییەکان هەمیشە هەوڵیان داوە لێیان نزیك ببنەوە ئەوەبوو بانگێشت کران بۆ شاری موسڵ ، مەخابن لەوێ ڕووداوێك قەوما، کە بووە هۆی شەهید بوونی شیخ سەعید باوکی شێخ مەحمودو شێخ ئەحمەدی مامی

، لەو ڕووداوەدا شێخ مەحمودی حەفید ڕزگاری بوو ،هاتەوە سلێمانی ئیتر لەو وەختەوە شێخ مەحمود وەك ڕابەرێك و سەرکردەیەك ناو و شورەتیدەرکرد . هەر لەو کاتەوە تاوەکو ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە شێخ مەحمودی حەفید لەڕووداوو کارو بارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا حزوری هەبووە و جێی پەنجەی دیار بووە لە کوردستانیشدا بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردستان کە شێخ ڕێبەرایەتی ئەکرد و بیری نیشتمانی نەتەوەیی لەگەشە و نەش و نمادا بوو، هەر لەو سەردەمەدا شێخ مەحمودی حەفید وەك ڕابەرێکی ئەو بزووتنەوەیە وەك هێمای بەرەڤانی و بەرخودان لە مەیداندا بووە و گەلێ ژیانی ناخۆش و نائارامی چەشتووە چونکە لەلایەن داگیر کەری بەریتانیاوە ململانێ لە تەکدا ئەکرا هەر ئەوانیش لەناو جەرگەی ڕوداوەکاندابوو بوونە لەمپەر لەبەردەم کاروبارەکانی شێخ و بزووتنەوەکەی دا . . .

خەبات وتێکۆشانی شێخ لە پێناو گەلی کوردستانداو ڕابەری کردنی شۆڕشێکی ڕزگاری خوازانەو ئاکام گەیاندنی بەقۆناغی دەسەڵاتی کوردی و پاش نوچ دان ولەدەست دانی حکومەت و دیسان هەڵگیرسانەوەی شۆڕش ئەمانەو چەندین هەڵوێستی دیکەی شێخ و بزووتنەوەکەی بوونە هۆی ئەوەی کە شێخ ببێتە هێمای قارەمانێتی لای بەشێکی زۆری جەماوەری کورد خۆشەویست و پیرۆز بێت . بەتایبەتی لای شاعیرو بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرو زانایانی کوردی ئەو سەردەمە، چونکە بەلایانەوە هێماو نیشانەی ئاوات و دوارۆژی نیشتمانەکەی بوو ، لە و قۆناغەیشدا وەك کەسێتییەکی قارەمان و نیشتمان پەروەر دەرکەوت و هەندێ جار بەرامبەر عوسمانییەکان لە پێش جەنگداو دووای جەنگیش زۆرجاریش بەرامبەر ئینگلیزەکان ڕووبەڕوو بووەتەوە . ئەنجام دامەزراندنیحکومەتی کوردستانی باشووری لێ کەوتەوە . هەر لەساڵی ١٩١٨ەوە تاوەکو ١٩٢٤ دۆخی کوردستان لەنێوان حوکمڕانی کوردیو دژایەتی ئینگلیزدا بووە . لە ئەنجامدا بەدیل گرتنی شێخ مەحمود و بەرەو مەنفا و کپ کردنەوەی دەسەڵات و شۆڕشی کوردی بوو.

بێگومان ئەو ڕووداوانە گاریگەریی و نەخشی خۆیانیان لای ئەو شاعیرانەی ئەو سەردەمە بەجێ هێشت بەتایبەتی لای ئەو شاعیرانەی کە بە دیالێکتی گۆران شیعریان وتووە . شێخ مەحمود وەك ڕابەرێکی کوردایەتی ، وەك هێمای بیری نیشتمانی و نەتەوەیی بووەتە مۆتیفی بەشێکی شیعرەکانیان لەچەندین دەقدا شێخ مەحمود حزوری هەبووە .

هەر بۆ نموونە لای ( سەودایی ١٨٤٢-١٩٢٧ )[٣٢] . شێخ مەحمود هێندە بەرزو پیرۆزە بەجۆرێك هەست و سۆزی خۆی بەرامبەری دەربڕیوە کەلە دەرونێکی بێگەردەوە لەناخێکی پاك و ڕەوانەوە هەڵقوڵاوە گیانێکی نیشتمانیانەو پیرۆزی پێ بەخشیوە.

سەودایی وەك شێخێکی ڕێبازی قادری و خاوەن ئەو ڕێبازەی تەسەوفی ئیسلامی . جگە لەسەرفرازی کوردو نیشتمانی کوردان هیچ شتێکی تری مەبەست نەبووە . تەنها هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی خۆی نەبێت ،هەر ئەم شاعیرە چەندین دەقی شیعریی لە ستایشی شێخ مەحمودی نەمردا هەیە کە تیایاندا دڵسۆزیو وەفاداری خۆی بۆ شێخ و هێمای قارەمانێتی ئەو ڕابەرەو دڵسۆزی خۆی بۆ شێخ و کوردو کوردستان دەربڕیوە ، کە سەرا پایان پڕن لەموناجاتی ئاینی و پاڕانەوە لەخواو پێغەمبەر ( د.خ ) ، بەوەی ببنە مایەی سەربەرزی و سەرکەوتنی شێخ ، بەشێکی زۆری ئەو شیعرانە بەبۆنەی بەدیل گرتنی شێخەوەن . وەك لەچامەکانی ل ( ٣٨-٤١ ) و ل ( ٤٤-٤٥ ) و ل( ٧١-٧٥ )ول( ٧٦-٧٨ ) ی دیوانەکەیدا[٣٣] ، لەناو ئەو دەقە شیعرییانەدا شێخی بە پاشایکوردستان ناو بردووە ، هەروەها وشەیکوردستان و حوکمڕانییەکەی شێخ و ئەو چەرخ و دەورە بوونەتە کەرەسەی شیعرەکانی ، لە یەکێك لە شیعرەکانیدا کە باس لە چوونە دەرەوەی شێخ ئەکات بۆ شاخ و دیسان هەڵگیرسانەوەی شۆڕش ، ئەوەتا لە سروشت ئەخوازێ کە شێخ لەئامێز بگرێ :

سەیید ڕەزای سەرتیپ پاشای کوردستان کۆچی خێرش بۆ شێخ وە کوهستان
مەنزڵ موبارەك وارگەش وە فەڕ بۆ چنوری وارگەی سەرتیپ هەر فەڕ بۆ
نەوگوڵان نەدەور وارگەش سەد ڕەنگ بۆ نەك جەو وارگەدا خاترش تەنگ بۆ[٣٤]

یان بەڕۆیشتنەکەی گەرمیان و سروشتەکەی بۆی بەداخ و حەسرەتناکە

سارای گەرمیان مات و بێ نورەن گەردیپای فەرەس سەرتیپ جێش دوورەن

وارگەی گەرمیان وەئاخ و داخەن ئاجداخ سەراپا بەرگش قەلآ خەن (٣٥)

گومانی تێدا نیە کە ئەو شیعرانە، ئەو ستایشانە ئەچنە خانەو بابەتی نیشتمانی‌یەوە چونکە ستایشی شێخ مەحمود واتا ستایشی نیشتمان و نەتەوەو خاك و سەرکردە ، کە زادەو ئەنجامی بوونی هەڵوێست و گیانی نیشتمانین .

بیری نیشتمانی و نەتەوەیی نەك هەر لای سەودایی و ستایشەکانی بۆ شێخ ڕەنگی دابێتەوە ، بەڵکو لای شاعیرە کاکەییەکانی کەرکوکیش ئەو ڕەنگدانەوەیە هەیە ، بەتایبەتی لای خەلیل منەوەر (١٨٦٣-١٩٢٣) ز ، ئەو ڕەنگ و نەخشە نیشتمانی‌یە تەواو دەرکەوتوون هەروەها لای هیجری‌دەدە (١٨٧٧-١٩٥٢)ز و مەلا عەباسی حیلمی کاکەیی (١٨٨٢-١٩٦٦) ز ، کۆمەڵێك دەقی شیعرییان هەیە کە هێماو ڕەنگ و بۆی بیری نیشتمان پەروەرییان پێوە دیارە .

خەلیل منەوەر وەك شاعیرێکی کوردی سەر بەهۆزی کاکەیی شیعرەکانی بۆیە بەبەشە دیالێکتی کاکەیی — گۆرانی نووسیوە تاوەکو رابوردوی کوردان پیشان بدات و باسی بکات ئەو شیعرانەیش هەر بۆ کوردان بێت ، تاوەکو نەوەی داهاتووی کورد بەرابردوو و مێژووی کورد ئاشنا بکات . لەیەکێك لە چوارینەکانی‌دا ئەوەی سەلماندووە :

فرێ نویسانم شیعر وە کوردی کەردەنم بەیان ئەحواڵ رابووردی

نە دمای مەرگم بمانۆ یادگار بوانام کوردان نەروی رۆژگار (٣٦)

یاخود لە وەسف و ستایشی شاری سلێمانی‌دا ڕووبەڕووبونەوەیەکی ئاشکرا بە تەواوی دەرکەوتووە ، سلێمانی وەك نیشتمانی کوردان و بابان و پیرانی تەریقەت دەرخراوەو باس کراوە، هەر لەو وەسفەشدا ناڕێکی سیاسەتی ئینگلیزی دەرخستووە :

سلێمانی شاری شێرانەن جاگەی ئەکرادو شار شێخانەن

نەمولکی غەیرەو نەهین عوسمانلی شاری پیران و پاشای بابانی

ئارۆ زەمانەی دەور ئینگلیزەن نیکان وە بێژەن نانیك عەزیزەن (٣٧)

ئەوەشی دەرخستووە کە سیاسەتی ئەو دەمەی ئینگلیز وابووە کە پیاو چاك و مەزنەکانی وەلا ناوەو خەڵکی بەد خواو خراپی لە ئامێز گرتووە .

خەلیل منەوەری شاعیری چەوساوەکان جگە لە هەڵبەستە نیشتیمانی و نەتەوەیی‌یەکانی. داستانێکی شیعریی هەیە کە تایبەتە بەڕووداوە خوێناوی‌یەکەی شاری موسڵ (٣٨) ئەو کارەساتەی کە بەسەر بنەماڵەی بەرزنجە هاتووە . پێش تر ئاماژەی بۆ کراوە ، لەو داستانە شیعری‌یەدا قارەمانێتی کورد و ئازایەتی شێخ مەحمود و دانیشتوانی شاری کەرکوك و بەشێکی سلێمانی سەرا پای ناوچەی شارەزوور دژی عوسمانی‌یەکان دەرخستووە ، کە ئەو دەمە بەرامبەر دەسەڵاتی عوسمانی ڕا پەڕین بێ‌گومان ئەم هەڵوێستەی خەلیل منەوەر پڕە لەدەربڕینی هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوەیی و گوزارشت لەو بابەتە ئەکات چونکە ئەم ڕووداوە کار و کاریگەریی تەواوی لەسەر هەست و بیر و دەروونی جەماوەری کورد کرد، کە بەشێوازی جۆراو جۆر ناڕەزایی و بێزاری و کۆمەڵگای کوردەواری هاتە ئاراوە.

نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دۆخی کوردستان هەروەك سەردەمەکانی پێشوو مایەوە چونکە دوای ڕووخانی حکومەتی کوردستانی باشوور و خامۆشکردنی شۆڕشەکانی کوردستانی باکوور ، داگیرکەران بالآدەستی خۆیان بەرامبەر کورد نواند، ئەوەبوو لە کوردستانی باشووردا دەسەلآتی پاشایەتی بەهاوکاری حکومەتی بەریتانیا هەمیشە چاویان لەدەست بەسەرا گرتنی کوردستانی عێراق بوو ، هەموو خواست و وزەیەکی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد بوو ، پاشان هەموو دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقیش ئەو سیاسەتەیان پیادەکرد ، بەشێوازی جۆراوجۆر هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی کوردستانیان دا . چەندین بەرنامەی ترسناکی وەك ڕاگواستن و چۆڵکردن و بە عەرەب کردنی ناوچە کوردەوارییەکان و ئەنفال کردنی خەڵکی کوردستانیان داڕشت بەمەش بارودۆخێکی ئاڵۆزو ناهەموار هاتەکایەوە.

بێ گومان ئەم دۆخە ئاڵۆزە پڕ مەترسیەی کوردستان . کە قۆناغی وێران و سووتماك کردنی کوردستان و سیاسەتی قڕکردنی کورد بوو کاریگەریی و ڕەنگ دانەوەیەکی بەرچاوی لەکۆمەڵگای کوردەواریدا بەجێهێشت. دابڕکردنی کورد لە

نیشتیمانی خۆی و پەرەوازەو ئاوارەکردنی دانیشتوانی کوردستان وای کرد کە کورد بخاتە نێو بەرداشی رۆژگارەوە و کەسێتی‌یەکەی بەرەو لاوازی ببات ، ئەم دۆخە جە نجاڵ و مەترسی دارە کاردانەوەیەکی رۆحی بەرامبەر پیادەکەرانی ئەو سیاسەتە خولقاند کە ئەویش کاردانەوەو رووبەڕوو بوونەوەی جەماوەری کوردستان بوو دژ بە سیستەم و دەسەڵاتی عێراقی ئەو سەردەمە کە خۆی لە هەڵسانەوەو ڕاسان و ڕاپەڕین و شۆڕشی چەکداری دا ببینییەوە لەبەرامبەریشدا خواست و نیازی دەسەڵاتەکان هەمیشە کپ کردن و خامۆشکردنەوەی ئەو چالاکییانە بووە.

بەشێکی زۆری رووداوو کارەساتەکانی ئەو دۆخە ئاڵۆز و شلەژاوە بەشێکی زۆری ئەو بەرخودان و رووبە رووبوونەوانە بوونە کەرەسەو مۆتیڤی شیعریی لای شاعیرانی دیالیکتی گۆران ، بە جۆرێکی وەها گوزارشتیان لە دەربڕین و هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەکردو زۆر نایاب و دەرون هوروژێنەر بوون ، گوزارشت و باسەکان خۆشەویستی نیشتمان و ستایش کردنی لە خۆ ئەگرت و لە دوتوێیاندا باسی قارەمانێتی کورد و چاندنی بیری کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان تەواو ڕەنگی دایەوە .

لە ناویاندا کاردۆخی و عوسمان هەورامی چ بەشێوەی ڕەمزی و چ بە ئاشکرا ئەو هەموو هێماو ئاماژە نیشتمانی و نەتەوەیانەیان لە شیعرە نشتمانی‌یەکانی خۆیان دا دەربڕیوە . تەواو مەبەست و نیشانەکانیان پێکاوە.

سەرباری ئەوەی کە شیعر وتن . یان شیعر نووسین لە ناوچەی هەورامان دا لە سەدەی بیستەمەوە بەرەو کزی رۆیشتووە ئەم دوو شاعیرە هەوڵیان داوە بەرهەمی شیعریی و هەوڵی تازە بهێننەکایەوە . چونکە بەشێکی شیعرەکانیان بە دیالێکتی گۆران-شێوەزاری هەورامی - داناوە ، هەر لەناو ئەو بەشەش دا چەندین پارچەی شیعرییان بۆ بابەتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی تەنانەت وەسفەکانیشیان هەر لە خزمەت گیانە نیشتمانی و نەتەوەیی‌یەکەدا بووە ، بەرهەمەکانیشیان لەو بارەیەوە مەوداو مەیدانێکی فراوانی گرتووەتەوە . بەڵگەش محەمەد ئەمین کاردۆخی شاعیر لە سەرجەم دیوانەکەیدا ئەم دەقانەی ( پیرێوێ زانا ل٢٠ وەتەن مەورەشێو ل٣٤ و وەشی وڵاتی ل٥١-٥٣ و بولبول ل٨٩-٩٠ بولبولی سەروەش ل١٢٦-١٢٨ وەتەن ل١٣٥-١٣٦ و سەماکەرە ل١٤١-١٤٣ گیانی شیرینم ل١٥٣-١٥٥ و واتشا ل١٦٩ و براڵە ل ١٧١-١٧٣ و کەمەر سەلارە ل ١٨١-١٨٤ ) [٣٩] بەدیی ئەکەین کە بە دیالێکتی گۆرانن و سەرا پایان هێماو هەڵوێستی نیشتمانییان دا تێدا چڕو خەستە ، خۆیان لە ناوەرۆکی نیشتمانی و نەتەوەییدا ئەنوێنن .

کاردۆخی لە شیعرێکیدا کە دەمە تەقێی نێوان خۆی و نیشتمانە ، تیایدا باسی کاولکاریو وێران کردنی گوندەکانی کوردستانی کردووە . هەروەها ئەو دۆخەی کە کوردی تێدا ژیاوە ، پاشان دێتە سەر گلەیی و گازندە لە دەردە کۆمەڵایەتیەکانی وەك ناتەبایی و ناڕێکی کورد لەناو خۆیدا ، ئەڵێ :

گیانی شیرینم وەتەن ها چێشا    هەناسەی سەردت پەی چێش هۆر کێشا [٤٠]

کاولیو وێرانی نیشتمان و پەریشانییەکەی دەرئەخات :

راس ماچۆ وەتەن نەوەشا    جە خەیرات و وێش تەمام بێ بەشا

زوو فریاش گندی نانەشەن جەدەس    بێ هۆشی تا کەی ؟ مەستی وەستا وەس [٤١]

لەم دەقەیدا زەنگی هۆشیار کردنەوەی خەڵکی کوردەواری لێ ئەدا کە نیشتمان ئاوا پەرێشانەو هاوار ئەکات فریای بکەوین تاوە کو لەدەست دەرنەچووە ، ئیتر سڕی و بێ هۆشی هەتاکو کەی بێ گومان ئەمەش هێمای بەرخودان و تێکۆشان ئەبەخشێ .

دیسان لە شیعری (( براڵە )) دا ڕووخان و کاول کردنی گوندەکانی کوردستان و ناوچەی هەورامان ئەخاتە ڕوو ، کورد وەئاگا ئەهێنێ :

براڵە لۆکەو گۆشیت هەوا دەر    گۆش گیری پەی من بەبی دەردی سەر

باس هوێم و هوێت باکەمێوکەرمێ    سەرپۆش جەرووەو بەینی لا بەرمێ

هەر لەو گفتۆ گۆیەدا سووتاندن و ڕوخاندنی گوندو ناوچەکان و هەڵکەندنی رەزو باخەکان ئەخاتەوە بیرمان کە چۆن ئەو شوێنانەی نیشتمان لە کورد حەرام و قەدەغەن . رژێمی عێراق لێی قەدەغە کردووە .

حەرامش کەردەن لواشان پەی ما    ئەگەر باخاتە ئەر کەش و دەیما

گەریاکێش بەرزا هەرچی دەگانە    سەراپاگردیش بیەن وێرانە [٤٢]

هەر لەناواخنی ئەو پارچەیەدا رازی خۆی بەم چەشنە ئەدرکێنێ و تانەوتەشەر ئاراستەی دەسەلات ئەکات و ئەلێ لەم وڵاتی نەوتە ئێمە بێنەوتین و سەرما و سۆڵەی زستان پڕستی لەدەست و قەڵەممان بڕیوە:

پەنجەم جەسەردی بیەن بەبەیسە    مەتاو و قەڵەم هۆرگیرو ئیسە

ماچا ئیترتۆ مەبۆ قەت وینی    سەرچەم و زەڵمی کەش و رەنگینی [٤٣]

بەکورتی ئەتوانین بڵێین نیشتمان لای کاردۆخی ئەوەندە گران بەهاو بێهاوتایە کە بەهیچ شتێ نایگۆڕێتەوە نەبە پارە و زەڕ ، نە بەهیچ شتێکی پیرۆز چونکە دایکەو نرخێکی مەعنەوی یەکجار مەزنی هەیەو هاوتای نییە ( ٤٧ )

ئەوەی کە کاردۆخی لەشیعردا کردوویەتی ئەوەیە کە بابەتی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوایەتی و هەروەها وەسفیش وەك دوو بابەتی سەرەکی لە شیعرە هەورامیەکانی دا دەرکەوتوون ، تیایاندا بە شێوازێکی فراوان و بەرین پێی لەسەر دەربڕینی گیانی نیشتمانی ونەتەوایەتی داگرتووە .

عوسمان هەورامی شاعیریش لەبواری شیعر وتن دا بەدیالێکتی گۆران رۆڵی بەرچاوی هەیە ، بەشێکی شیعرەکانی بەو دیالێکتە وتوون، پڕن لەدەربڕینی بیرو هەڵوێستی نیشتمانی و گیانی نەتەوەییو بەرز ڕاگرتنی ئەو دوو مەبەستە . کە سۆزو ئەندێشەیەکی قووڵ و بەرزن لە دەرونێکی پاکەوە هەڵقوڵاون ، چونکە لای ئەم ستایش و لاواندنەوەی نیشتمان بەجۆرێك هاتووە تێکەڵن بە نەمریی و خۆشەویستی و گەڕانەوە بۆ رابوردوو وروانینە سروشتی کوردستانە وێران کراوەکەی دەستی دوژمنان .

لەسەر پاکی دەقە شیعرییەکان دا ئەمانگێڕێتەوە بۆ لای نیشتمان و ناوە ناوە دیمەنەکان ، کۆن و رابوردوو ، وردەکارییەکان جوانیو رازاندنەوەی لەگەڵ دۆخێك دا بەراورد ئەکات کە وێرانەو کاولە ، لەناخەوە بە حەسرەتەوە تابلۆو دیمەنەجوانەکانی کوردستان، لاپەڕە دێرینەکانی مێژووی کوردستانمان بۆ هەڵ ئەداتەوە ، سۆزێکی لیریکییان پێ ئەبەخشێ کەوەك لەم دەقە شیعرییانەدا دەرکەوتووە ( گۆرانیە نەمرەکا ماچمێ ) [٤٥] و ( وەشەویسیما جەگەردوونی فراوان تەرا ) [٤٦] و ( گەشت و خەزانو ئاوێسەری ) ساڵی ١٩٨٩ و ( سەرچەمەو ئەشقی نەژادی ، کەبریتییە لە ١٤ کۆپلە شیعری ساڵی ٢٠٠١ ) [٤٧] زەنگو رۆژگاری ٢٠٠٢ .

سەرپاکی ئەم چامە شیعرییانە رەنگدانەوە و نوێکەرەوەی بیرو هەڵوێست و گیانی نیشتمان پەروەرانەی شاعیرن .

هەردوو چامەی گۆرانییە نەمرەکاماچمی و وەشەویسیما جەگەردوونی فراوانتەرا ئاهو حەسرەتێکن ، هاوارو سۆزێکن بەبۆنەو هۆی چۆڵ کردن و ویرانکردنی هەو رامانەوە دانراون [*] و لەسەردەمێکدان سەرا پای هەورامان و بەشێکی کوردستان بەدەستیدەسەلات دارانیبەغدا لە ساڵی ١٩٧٨دا وێران و کاول کران لە کۆپلەیەکیدا بە خۆشەویستەکەی ئەلێ کەشادیو خۆشییان دەرپەڕان لەم بەهەشت و کوێستانەدا ، تووڕیان دایە نێو دۆزەخەوە بەرەو گەرمە سێرو چۆڵی قولفەیان برد کوێستان بەدوویدا رروانی و دەرونی گڕی تێ بەربوو دار بەڕوەکانی بوونە کۆتەرە:

ئازیز کەشادی بەر بڕیا

جە بەهەشتو کوێسانی

فرە شادانە دۆزەخو

گڕەو کوشندەو گەرمیانی

کویسان دیا شونیشەرە

دەروون گڕش وەربییەنە

نەرە بیە بە قۆتەرە [٤٨]

دوای ئەوەی دیمەنی خەمباری و کەسەری کوردستان و ناوچەی هەورامان وێنا ئەکا، چامە شیعرییەکەی بە دڵدانەوەو هیواو ئاوات خواستن بە هاتنەوەی شادی و نەمری بەخشین بە کوردستان و ئازیزو خۆشەویستان هەموو خەڵکی کوردستان و نیشتمانی کورد کۆتایی ئەهێنێ و بە خۆشەویستەکەی ئەڵێ:

بەڵام ئازیز

هەرچەند گڕە دانش هەناوو کوێستانی

ئار و تینا

سەبای شەختەو یەخبەندانی

پێر ە ی خەندەو خونچەو دڵا

وەشی و بەزمی هەرگیز نەمر

بەخشۆ بە جیهانی وەڵا

سەرنەوەیەو

هەرچی دڕەی و پەیکوڵا

هەر بەڕەگو هورشا پاچی

تێکەڵ بە شنەو سەرکەشا

جەسەر کەمەرەو بەرزەکا

گۆرانیە نەمرەکا ماچمی

دیسان ماچمی ، هەر ماچمی، هەرماچمی [٤٩]

واتە هەرچەند کوێستانەکەم هەناوی گڕی تێبەربووە سبەی شەختەو یەخبەندان دوو سبە ی خەندەو خونچەی دڵ، خۆشی و بەزمی نەمریی بە جیهان ئەبەخشێ سەر لەنوێ هەرچی دڕك و داڵ هەیە لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵئەکەنین و دای ئە پاچین ئەوجا. تێکەڵ بە شنە و سروەی کۆساران ئەکەین لەسەر یاڵ و بەردە بەرزەکانەوە گۆرانی نەمری ئەچڕین و ئەچڕین و هەر ئەیچڕین و ئەیڵێیینەوە.

ئا لەوێوە دڵ نەوایی و سەبووری خۆی و ئازیزەکەی ئەداتەوە کە سوور بوون و پێ داگرتنە لەسەر خەبات و تێکۆشان لە پێناو ڕامالینی دوژمنداو وە هەروەها بۆ گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتمان و ئاوەدان کردنەوە.

دیسان لە چامەی وەشەویسیمان جە گەردوونی فراوانتەرا، خۆشەویستی نیشتمان هێندە تۆخ بووەتەوە پێوانەکەی و سەنگی لە گەردوون فراوانتر و سەنگین ترە، لەوێدا لەگەڵ ئازیزەکەیدا ئەدوێ و باس لە وێران و کاول کردنی کوردستان بە هەورامانیشەوە ئەکات کە چ دۆخێکی سەختی بە سەردا سە پێنراوە و دەستی دوژمنی تێدایە ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی حەشر حیساب ئەکا و کە حەشرەو خەو لە چاو تۆرانە، دابڕانی خۆشەویستانە، کزبوونی ئەستێرەی نیشتمانە، ئەمیش لەو دۆزەخەوە لەو دۆزەخە ئەگریسەوە ئەڕوانێتە ئاسۆ، ئاسۆی فراوان و بەرین، لە نیشتمان ئەدوێ وخۆی لە ئامێزیدا ئەبینێتەوە و نۆقرەی تێدا ئەگرێ:

نازارەکەم

دیسان جەنۆ

ئاناو دیما قیامەت هورسەت

ئێر کۆتە نۆ

یارشا جەیارا دوورۆ وست

وەرمۆچە ما توریا ، توریا

هەسارە و ئەشق و نازارا

کز و تەنیا (٥٠)

گوڵ و گوڵزار و وەرزەکانی ساڵ دیسان سەر هەڵ ئەدەنەوە و ڕۆشنایی ئەبەخشنە تەخت و چەرخی ڕۆژگار هەموو ڕۆحە ئەمرەکان ، سەربەرزەکان گزنگ ئەدەن بە ناخ و هەست دەروون و ژیانی نوێ ڕۆشن ئەبێتەوە ، ژیان و گەردوون سەر لە نوێ ئەگۆڕێن و نوێ ئەبنەوە ، ئێدی بەرە بەرە دووبارە چاوی ئەشقی سەر بەرزی ئەگێڕێتە هەموو گەردوون و گوڵ و گوڵزارەکان تیشکیان لە ڕۆژگەشتر و پرشنگدا رتر ئەبن و لە هەموو گەردوون فراوانتر ئەبن و سەر دێننە دەرەوە هەتا سەر ئەمێننەوە ..

ئازیزەکەم

ئەی چەمە و گیانی بەختەوەر

جا دووبارە

چەمە و ئەشقە سەر بەرزەکا

گرد گەردوونی گێرو نەدەر

هەزار گوڵزاری خەندەران

جەرۆ چیاری فراوانتەر

سەرمارا بەر

بەرمدانێ هەتاکو سەر (٥١)

ئەم هەوڵ و کۆششەی عوسمان هەورامی شاعیر لە دوولایەنەوە بایەخی خۆی هەیە و جێی سەرنجن .

یەکەم: لە ناو تێکرای شاعیرانی هەورامان دا ، دوای کاردۆخی بە بەردەوامی شیعری بە دیالێکتی گۆران نووسیوە . زیاتریش بایەخی بە مەسەلە نیشتمانییەکە داوە ، زۆربەی شیعرەکانی لە ناو بازنە و چوارچێوەی بیرو هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەییدان ، کە توانیویەتی ئەو ڕێچکەیە بگرێ . تەنانەت هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

بەڵگەش چامەی سەرچەمەو عەشقی نەژادی کە هی ساڵی ٢٠٠١ز تیایدا تەواو ستایشی نیشتمانی کوردان و ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی و بە مێژووداچوونەوەو بەرز ڕاگرتنی نیشتمان و ئاوێتەیبوون ، لە کۆپەلەیەکیدا هەڵوێستی ناوچەی هەورامانی بەرامبەر حکومەتی شێخ محمود و شۆڕشەکەی دەرخستووە کە چۆن هاوڕازو هاوکاری بوون:

پەرسا کوگە جە کوردستان

فرەتەر یانەو

دوسی هام فەرد پەیوەستان

یا چاشاسوارا پەرسانی

چەنی شێخی ئەمری لوێ

پەناگەو سایەی کۆساران

دەربەن دزڵی و

دەشت و سەیرانگە نازاران

پەرسانی جەسایەو کوردی

جە سەردەمە دژوارەنە

کی بە دڵ کۆمەکش کەردی [٥٢]

**دوا شیعریشی هەتاوەکو ئیستا بە ناوی ( زەنگ و ڕۆژگاری ) ساڵی ٢٠٠٢زا، کە تیایدا جەژنی نەورۆزی وەك مێژوویەکی کوردەواری ، وەك شادی بۆ هەموو لایەکی کوردەواری فەرو خۆشی ئەبەخشێتە کوردان و لەو ڕوانگەیەوە داوالە کورد ئەکات بە ئاشتی و تەبایی بژین .ئەمەش بانگەوازی دڵسۆزێکە بۆ یەکگرتن و یەك ڕیزی لە پێناو سەرخستنی نیشتماندا :**

نەورۆز دەنگیوا

چەنی ڕۆژگاری دەس جەملانا .

وەشترین ڕەنگ و سەوداو زەنگی دا

هەردەم ئاوێتەو دڵە گەشەکاو

لان کە شکەلانا. . [٥٣] تاد . . . . .

. . . . . . . . . . . . . . .

دیسان نەورۆزا

سەراپا گەردوون جەنۆ نۆیۆوە

پۆچی بانگەشەو شەیدایا بەرزا

باگرد کەس جەنۆ دڵش شۆرۆوە

باگژی باڵکێشو

ئاشتی بەرپابۆ . شادی باڵا بۆ. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .تادوایی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

سەرزەمین بۆوە بەهەشت و جاڕا

واچمێ ژیوایما هەردەم وەهارا

شەیدێ بارەگای وەش وەشو یارا [٥٤]

**دووەم :بەشی هەرە زۆری ئەو شیعرانەی لە ڕووی ڕوخسارەوە لە سەر شێوەی شیعری نوێو سەربەستن وەك لە هەموو کۆپلەکاندا دەرکەوتوون ، کە کێشی دە برگەیی نین و لە سەر کێشی سەربەست دانراون ، نموونەکان خۆیان بەڵگەی ئەو هەوڵەن .**

**بێگومان ئەم کارەش هەوڵدانێکە بۆ خۆڕزگارکردن لە شیعری ستوونی دە برگەیی و کاریگەریی ئەو هەوڵو تەقەللا نوێ گەرییەی شاعیرانی شەست و حەفتاکانە، کە شیعری کوردییان بەرەو تازەکردنەوە هێنا. . .**

(١) شەرەفخانی بەدلیسی ، شەرەفنامە ، گۆڕینی بۆ کوردی، هەژار ،١٩٧٣، ل٢٩.

(٢) تۆفیق وەهبی، کرمانجی لە کورمانجی‌یەوە نی‌یە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٥ و ٦) ١٩٤٠ .ل٣٠ .

(٣) جەمال نەبەز ،زمانی یەکگرتووی کوردی ،١٩٧٦، ل٢٢.

(٤) ماشاو اللە سوری ، سرودهای دینی یارسان ،ل١٩ .

(٥) د. کمال فوئاد، زاراوەکانی زمانی کوردی، زمانی ئەدەبی و نووسینیان ،گۆڤاری زانیاری ژمارە (٤) ل٢١.

ـــــ جمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ل٢٢و٢٣ .

ـــــ فوئاد حەمە خورشید ، زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالیکتەکانی ، گۆڕینی بۆ کوردی ، عپمان عەلی قادر ، ١٩٨٥ ل٧١و٧٢ .

(٦) د. مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی‌یەوە ،١٩٨٤ ،ل٩٠.

(٧) هەر ئەو سەرچاوەیە ل١٠٧.

(٨) هەر ئەو سەرچاوەیە ل٩١.

(٩) صدیقی بۆرکەیی ، صەفی زادە ، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی ١ ،ل٤٣.
(١٠) ئەنوەر قادر محمد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد، مەولەوی ل٣٣.
(١١) دانای هەورامی، (محمد ملا صاحب) پیشالیاری زەردەشتی ،ل٣.
(١٢) خانای قوبادی شیرین و خەسرەو ، ١٩٧٥ ، ل١٤.
(١٣) هەر ئەو سەرچاوەیەو ل١٥.
(١٤) دیوانی ڕەنجوری ، مەلا عومەری زەنگەنە ، ١٩٨٣ ،ل٢٠٦.
(١٥) هەر ئەو سەرچاوەیە ،ل٢٠٥.
(١٦) دیوانی نالی ،١٩٧٦ ،ل١٧٤.
(١٧) دیوانی ڕەنجوری ل ٧٥.
(١٨) هەر ئەو سەرچاوەیەو هەر ئەو لاپەڕەیە.
(١٩) محمد امین زکی ، شاهیر الکرد وکردستان ، ج(١) بغداد، ١٩٤٥ ل٢٩١.
(٢٠) محەمەد حەمە باقی ، مەحوی میراتگری پەیام ۇ هەڵوێستی جوامێرانەی مەولانا خالید ، بەشێك لە بابەتەکانی فیستڤاڵی مەحوی .٢٠٠١ ،ل٤٦.
(٢١) دیوانی مەولەوی ، سەیید عبدالرحیمی مەعدومی ، گۆڕینی بۆ شێوەی سۆرانی ، محمد امین ئەردەلانی، ١٩٩١، ل٣٨و٣٩ .
(*) دیوانی مەولەووی ،کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لەسەرنووسینی مەلا عبدالکریم ، بغداد ، ١٩٦١ .
(٢٢) بابا علی شێخ عومەر قەرەداغیو هەڵبژاردەیەك لە عەقیدەی مەرچیە ی مەولەوی ، بەغداد، ١٩٨٥ ،ل٣٢و٣٣و٣٤.
(٢٣) د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، مەولەوی و شتێك دەربارەی سروشت ، میهرجانی مەولەوی،١٩٨٩، ل ١٠٣.
(٢٤) هەر ئەو سەرچاوەیە ل١٠٥.
(٢٥) دیوانی مەولەوی ، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لەسەر نووسینی ، مەلا عبدالکریم مودرس،ل٤١٧.
(٢٦) هەر ئەو سەرچاوەیە ،ل٣٠٤.
(٢٧) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٣١.
(٢٨) پیرەمێرد، دواوانی زەڵم و تانجەرۆ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٤) ، نیسانی ١٩٤٣، ل٤.
(٢٩) کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، کۆکردنەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم،١٩٨٠، ل٤٥٦.
(٣٠) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٦٣
(٣١) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٧٢١و٧٢٢.
(٣٢) سەودایی ناوی شێخ ئیسماعیلی دۆڵانە، کوڕی شێخ حەسەنی کوڕی شێخ حسێنی کەس نەزانە ، لە ساڵی ١٨٤٢زا لە ناوچەی قەرداغ لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٢٧زا کۆچی دوایی کردووە شێخی تەریقەتی قادری بووە ، دیوانی سەودایی ، کۆکردنەوەی عوسمان هەورامی،١٩٩٥ ،ل٣.
(٣٣) دیوانی سەودایی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ،عوسمان هەورامی ، ١٩٩٥.
(٣٤) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٧٦.
(٣٥) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٧٧.
(٣٦) خەلیل منەوەر، کۆکردنەوەی هەردەوێڵ کاکەیی و مصگفی نەریمان،١٩٨٤ ل١٥١.
(٣٧) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٥١.
(٣٨) ئەم ڕووداوە لە شاری موسڵ ڕووی داوە ، کاربەدەستانی عوسمانی شاری موسڵ بە شێوازێکی نامرۆڤانە ، ئەو پیلانەیان سازدابوو کە بووە هۆی شەهید بوونی شێخ سەعید باوکی شێخ محمود و شێخ ئەحمدی مامی ، بووە هۆی نیگەرانی و ناڕەزایی جەماوەری کورد بەرامبەر ئەم پیلانە لە کوردستان دا دەنگی دایەوە ، خلیل منەوەریش ئەو ڕووداوەی بە داستانێکی شیعریی هۆنیوەتەوە ، لە ژێر ناونیشانی ((بەیان مەقتەل سەیید ئەحمەد بەرزنجە دەرشەهر موصل))کە گوزارشت لە قارەمانێتی کوردو شێخ محمود حەفید ئەکات، لە دیوانی خەلیل منەوەر، ل١٩٦-٢١١دان.
(٣٩) دیوانی کاردۆخی،محەمەد ئەمین کاردۆخی ، بەشی یەکەم و هەندی لە بەشی دووەم ،چاپی دووەم، ١٩٨٢.
(٤٠) دیوانی کاردۆخی ،ل١٥٣.
(٤١) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٥٥.
(٤٢) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٧١و١٧٢.
(٤٣) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٧١.
(٤٤)هەرئەو سەرچاوەیە ، ل٧٠.
(٤٥) عوسمان هەورامی، گۆرانیە نەمرەکا ماچمێ (شیعر)، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٧) تەموزی ١٩٨١ ل٢٠٩-٢١١.
(٤٦) عوسمان هەورامی ، وەشەویسیما جە گوردوونی فراوانتەرا(شیعر)، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ١١ ، شوباتی ١٩٨٣.

(٤٧) عوسمان هەورامی ، سەرچەمەو ئەشقی نەژادی (شیعر) ، گۆڤاری زرێبار، ژمارە (١٧و١٨)، هەرئەم چامەیە بە دەسخەتی عوسمان محمد هەورامی خۆی ، لای تۆژەرە.

(**) نامەیەکی کاردۆخی بۆ عوسمان محمدَ هەورامی هاتووە ، تیایدا نووسراوە د. محمد نوری عارف داوای لە کاردۆخی کردووە کە هۆنراوەی نوێی بۆ بنێرێ ئەویش ئەو دوو چامەیەی نووسیوە ، چاو پێکەوتن لە گەڵ عوسمان محمد هەورامی ، زانکۆی سلێمانی ، ڕۆژ ١٣/٥/٢٠٠٢.

(٤٨) گۆڤاری نووسەری کورد ، ژمارە (٧) ل٢٠٩.

(٤٩) هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢١٠و٢١١.

(٥٠) عوسمان هەورامی ،وەشەویسیما جە گەردوونی فەراوانتەرا (شیعر) ،گۆڤاری نووسەری کورد ، ژمارە (١١)، ١٩٨٣،ل١٥٠.

(٥١) هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٥١.

(٥٢) عوسمان هەورامی ، سەرچەمەو عەشقی نەژادی، گۆڤاری زرێبار ، ژمارە (١٧-١٨)،عوسمان هەورامی، سەرچەمەو ئەشقی نەژادی ، کۆپلەی (١٢)،دەسنووس.

(٥٣) عوسمان هەورامی، زەنگ و ڕۆژگاری (شیعر)، دەسنووس.

(٥٤) عوسمان هەورامی، زەنگ و ڕۆژگاری (شیعر) دەسنووس.

## ئەنجام

ئەنجام و کۆبەندی باس ئەمانگەیەنێتە ئەوەی کەوا سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نیشتمانی و گیانی نەتەوەیی لە شیعری دیالێکتی گۆران دا بۆ کۆتایەکانی سەدەی هەژدەهەم ئەگەڕێتەوە ، ئیتر لەوە بەدواوە لە هەموو سەردەمو قۆناغەکاندا شاعیران لە پاڵ بابەتەکانی تری شیعردا گوزارشتیان لە دۆخ و ڕەوشی کوردستان و میللەتی کورد کردووە .

لەناوچەی گۆراندا ئەو بەشەی کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی بابانەوە پاشان عوسمانی و بە دوایدا دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و بەم قۆناغەی ئێستاشەوە هاوشان لەگەڵ شاعیرانی دیالێکتی کرمانجی خواروو و سەروو نموونەو بەڵگەی شیعری لای شاعیرەکانی بەدیی ئەکرێن کە گوزارشت لەبیری نیشتمانی و گیانی نەتەوەیی ئەکەن و زۆر جاریش لە شێوەی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی داگیرکەراندا دەرکەوتوون بە تایبەتی کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەهەم و تەواوی سەدەی بیستەم .

هەرچی ئەو دەقە شیعرییانەی لەو جۆرە بابەتەن لە چەندین شێوازی جۆراو جۆردا دەرکەوتوون وەك لە باس کردنی زمانی کوردی و میللەتی کوردو نیشتمانی کوردستان و بەرز ڕاگرتنی ، لە ستایش و وەسفی پاشاو سەرکردەکان بە تایبەتی ئەوانەی ڕەمزی قارەمانێتی و بەرخودان بوون بۆ کورد، لە ڕووداوو کارەساتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری کە داگیرکەران بەسەریدا هێناون ، لە ئاوڕدانەوە بۆ مێژووی کوردو نیشتمانەکەی، لە دەرخستنی باری چەوسانەوەی خەڵکی کوردستان و هەڵکەندنی لە زیدو ژینگەی خۆی و سوتماك کردنی خاکەکەی ، لە هاندان و هۆشیارکردنەوەی کورد بۆبەرخودان و تێکۆشان ئەدوێن .

سەرپاکی ئەو دەقە شیعرییانە هێماو ئاماژەی بەرچاون بۆ گوزارشت کردن لە بیری نیشتمانی و گیانی نەتەوەیی و نیشانەی چەکەرەکردنی ئەو بیرەن لە ناخ و دەروونی شاعیرانی دیالێکتی گۆران داو پابەند بوون و ئینتمای نیشتمانی و نەتەوەیی یان دەرئەخەن ، ئەو بەرهەمانەشیان بوون بە بەشێك لە ناوەرۆك بیری نیشتمانی وگیانی نەتەوەیی و کەلتورو ئەدەبیاتی کوردی...

# سەرچاوەکان

**کوردییەکان:**

١. بەشێك لە بابەتەکانی فیستڤاڵی مەحوی، هەولێر ٢٠٠١.

٢. پیرشالیاری زەردەشتی، دانای هەورامی ((محمد مەلا صاحب)) چاپخانەی شەفیق. بغداد ١٩٦٨.

٣. زمانی کوردی ، دابەشبوونی جوگرافیایی و دیالیکتەکانی ، فوئاد حمە خورشید ، گۆڕینی بۆکوردی، عثمان علی قادر ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی افاق عربیة،١٩٨٠.

٤. زمانی یەکگرتووی کوردی ، جەمال نەبەز، ئەڵمانیای رۆژئاوا.بامبیرگ،١٩٧٦.

٥. شەرفنامە شەرەف خانی بەدلیسی،گۆڕینی بۆ کوردی ،هەژار، کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانـەی (نعمـان) نەجـەفی پـیرۆز، ١٩٧٣.

٦. شیرین و خەسرەو ، شاکاری شاعیری ناوداری کورد، خانـای قوبـادی ، سـاغ کردنـەوەو پێشـەکی بـۆ نووسـین و فەرهـەنگ رێکخستن، محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا، ١٩٧٥.

٧. کاردۆخی ژیان و بەرهەمی ((لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن))، محمد احمد سعید ، نامەی ماجسـتێر، زانکـۆی سـەلاحەدین، بەشی کوردی ، ١٩٩٥.

٨. لە بابـەت مێـژووی ئـەدەبی کوردییـەوە، د. مـارف خەزنـەدار، چاپخانـەی (المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة) بەغدا،١٩٨٤.

٩. لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٢) ز ئەنوەر قادر محمد ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٠.

١٠. مێژووی وێژەی کوردی ، صدیقی بۆرکەیی ، صەفی زادە، چاپی یەکەم، چاپخانـەی چـهر تـبریز، انتشـارات نـاجی، بانـە ، کردستان ، ١٣٧٠.

١١. میهرەجانی مەولەوی ، دەزگای رۆشنبیری بلاوکردنەوەی کوردی ، چاپخانەی (الزمان) بەغدا، ١٩٨٥.

**دیوانەکان:**

١٢. خلیل منەوەر ، شاعیری چەوساوەکان ، کۆکردنەوەی هەردەوێڵ کاکەیی و مستەفا نەریمان، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا، ١٩٨٩.

١٣. دیوانی رەنجوری ((مەلا عومەری زەنگەنە)) لێکۆڵینەوەی محەمەد عـەلی قـەرەداغی ، چـاپی یەکـەم، چاپخانـەی (ئـﭭـاق عربیە)بەغدا، ١٩٨٣.

١٤. دیوانی سەودایی ،کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ، عوسمان هەورامی ، کۆماری عێراق، دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ١٩٩٥.

١٥. دیوانی کاردۆخی ، محمد امین کاردۆخی، بەشی یەکەم و هەندێ لـە بەشـی دووەم ، چـاپی دووەم ، چاپخانـەی سـەرکەوتن، سلێمانی ١٩٨٢.

١٦. کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، کۆکردنەوەی مەلا عبدالکریم مـدرس و فـاتح عبدالکریم ، چاپخانـەی کـۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.

١٧. دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لە سەر نووسینی ، مەلا عبدالکریم مدرس، بەغدا، ١٩٦١.

١٨. دیوانی مەولەوی ، سەید عبدالرحیمی مەعدومی ، گۆڕینی بۆ شێوەی سۆرانی، محمدأمین ئەردەلانی ، ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری لاوان ، چاپخانەی منیر ، بەغدا ، ١٩٩١.

١٩. دیوانی نالی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ، مەلا عبدالکریم مدرس و فاتح عبدالکریـم، چاپخانـەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغدا ١٩٧٦.

**فارسی :**

٢٠. سرودهای دینی یارسان،ماشاو الله سوری،طهران ١٣٤٤.

**عەرەبی:**

٢١. مشاهیر الکرد وکردستان، محمد أمین زکی . ج(١) ، بغداد ، ١٩٤٥.

**گۆڤارەکان:**

٢٢. گۆڤاری زانیاری ژمارە(٤) ، بەغدا، ١٩٧١.

٢٣. گۆڤاری زرێبار ، ژمارە (١٧-١٨) ئەردیبهشت و خرداد.

٢٤. گۆڤاری گەرلاوێژ ژمارە (٥و٦) نیسان ومایسی ، ١٩٤٠.

٢٥. گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە (٤) سالی(٤) ، نیسانی ، ١٩٤٣.

٢٦. گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە (٧) ،خولی دووەم ، تەموزی ١٩٨١.

٢٧. گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە (١١)، خولی دووەم، شوباتی ١٩٨٣.

دەستنووسەکان

٢٨. زەنگ و رۆزگاری ((شیعر)) عوسمان محمد هورامی،دەسنووس.

٢٩. سەرچەمەوعەشقی نەژادی ((شیعر))، عوسمان محمد هورامی ،دەسنووس.

چاوپێکەوتن

٣٠. چاو پێکەوتن لە گەڵ عوسمان محمد هەورامی ، زانکۆی سلێمانی ،بەشی کوردی ، رۆژی ١٣/٥/٢٠٠٢.

## فەرهەنگۆك

| گۆرانی | کرمانجی خواروو | گۆرانی | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| ئار ، ئایر ، ئێر: | ئاگر | شەمیم: | بۆن |
| بەرپریا: | هەڵکەنرا | شوتیشەرە: | شوێنی کەوت |
| بەرمدانێ: | بەرئەدا | شنیار: | شنە ، سروە |
| بدا وەهەم دا: | بدا بەیەکدا | فریاش گندی: | فریای کەوین |
| بدیە: | ببینە | فرێ: | زۆر ، فرە |
| بشۆ: | برۆ | قەلاخ: | رەش |
| بمانۆ: | بمێنێ | قۆنەرە: | کۆنەرە |
| بوانان: | بخوێنن | کەبك: | کەو |
| تانەشەن جە دەس: | تالە دەس دەرنەچووە | کوگە : | کوێ |
| پرتەو : | تیشك | گرد : | هەموو |
| پیرەی : | دوو سبەی | گێچ مەدا: | لوول ئەدا |
| پێش بوران: | پێی بن | مەتاوا: | ناتوانێ |
| پەرسانی: | بپرسە | مەوپەرد : | رائەبورێ |
| جەنۆ نۆێوە: | سەر لە نوێ نوێ بووەوە | مواچان،ماچان: | ئەڵێن |
| خاطر: | دڵ | مەواچوون: | ئەیڵێن |
| خەندەران: | رووبە پێکەنین | مواچۆ: | ئەڵێ |
| درە: | درك | ماچمێ: | ئەیڵێینەوە |
| دما: | دوا | نەرە: | دار بەروو |
| دوور وست: | دوورکەوتەوە | نەوەش: | نەخۆش |
| رۆجیار: | رۆژگار | وەرم: | خەو |
| ژیوایما: | ژیانمان | وارگە : | بارەگا، مەقام |
| سەبا: | دەمەو بەیان | واژاو: | هاژەی ئاو |
| سارا: | دەشت، سەحرا | هورست: | هەڵسا |
| سەرمارابەر: | سەریان هێنایەدەر | هورکێشا: | هەڵکێشا |
| سەروازکا: | سەرکا | هور گێرۆ: | هەڵگری |
| سەر نەوەیەوە: | سەر لە نوێ | هوێم و هوێت: | خۆم و خۆت |
| | | هوناو | خوێناو |

# ملخص البحث

ان هذا البحث كدراسة وصفية وتاريخية ، يتناول نبذة تاريخية عن طوران (كلهجة ومنطقة جغرافية ) والوعي الوطني والروح القومية في شعر اللهجة الطورانية من نهاية القرن الثامن عشر الى القرن العشرين مستنداً بالنصوص الشعرية لدى شعراء تلك اللهجة (خاناى قوبادى ورنجورى و مولوي و فقى قادر و سودايي و خليل منور وكاردوخي وعثمان هورامي) كدليل ملموس وبرهان حقيقي لهذه الدراسة ، ومحللا فيها قسم من تلك النصوص ومواقف الشعراء تجاه وطنهم وقوميتهم موضحاً فيها بان الشعراء في قصائدهم جعلوا من اللغة الكردية والكرد وكردستان والطبيعة والشخصيات المناضلة أداة للتعبير عن مشاعرهم الوطنية و القومية ووظفوها في مواضيع شعرية من قصائدهم.

# Abstract

*This research as a modification and historical study deals with a short history about Gorans as "Dialect and Geographical Area " and sensual Nationality and National spirit in Gorans Dialect poetry at the end of the eighteenth to the twentieth century. This research contains verse-texts of these poets such as Khanai Qubady ,Ranjuri , Maulaui , Faqi Qadir , Saudaiy , Khalil Minawar , Kardokhi and Uthman Haurami as evidences and facts to this study so as to analyze a part of these texts and poet's positions about their national cases making Language , Kurds , Kurdistan , Home , Nature and patriotic personalities as a means in to their poetry's specially in this study.*